Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.17 20:33:50 +01'00'

**Kurdistan National Congress-KNC**
WKA, Palingswick House, 241 King Street, London W6 9LP, UK
Tel: 0208 563 2881, Fax: 0208 563 8406, Mobile: 07768 266005
www.knc.org.uk e-mail: wka@knc.org.uk knc@ribrahim.de

# بانگەواز بۆ گەلی کوردی پاڵەوان

ئەی گەلی بەشخوراوی کورد: ئەو بارە سەختەی کە تیایدا دەژیت بەهۆی کەمکورتی لە قوربانیدانت نییە، قوربانیدانی تۆ لە قوربانییەکانی هەموو ئەو نەتەوانە زیاترە کە لەپێناوی سەربەخۆییاندا خەباتیان کردووە و، بەهۆی کارامەیی و دڵسۆزی سەرکردە سیاسی و سەربازیەکانیانەوە بەدەستیان هێناوە.
سەدان ساڵە سەرۆکی کورد داوا لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەکەن، تاکو ئەو گەلکوژی و خوێنڕشتنە بوەستێنن کە گەلی کورد بەرەورووبان بوەتەوە، بەڵام هیچ کەس بۆ وەڵامی داواکەیان جووڵەی لێ نەهاتوە. کاتێکیش کە سەرۆکی گەورەی کورد خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیم لە سەرەتای حەفتاکاندا بینی، پێمیگوت: "ئێمە خواخوامانە ولاتێکی بچووکی وەکو لوبنانیش یارمەتیمان بدات، بەڵام بەداخەوە کەس نییە".
بەڵام ئەمڕۆ گەورەترین هێزی جیهان سەربازەکانی هاوشان بە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئازادکردنی کوردستان لەژێر داگیرکردنی عیراق وەستاون و یارمەتیان بۆ دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و دامەزراتی دیدا داوین کە ڕێپێخۆشکەرێکە بۆ دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ و تەنانەت ئاڵای کوردستانیشیان بەرزکردووەتەوە... ئەمە خەونی سەدان ساڵەی ئێوەیە و هاتووەتە جێ.
ئەگەر عەرەبەکان دەخوازن فیدرالیەت لە عیراقدا لەسەر بناغەی پارێزگەکان بسەپێنن من گلەییان لێ ناکەم چونکە سەرۆکایەتیەکانی پارتە کوردیەکان ئەمەیان بەکردەوە چەسپاندوە، وە هیچ تۆزقاڵە هەوڵێکیش نادەن تاکو بەڕێوەبەرایەتی حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی یەکبخەن، بەڵکو بە ڕەسمی تیمزای ئەوەشیان کردوە.

ئەی گەلی کوردی پاڵەوان

ڕۆژ لە ئاسۆدا دواڕۆژێکی تاریک دەبینم کە چاوەڕوانی تۆیە بەهۆی ڕامیاریی تەسکبینی حزبایەتی کە زۆرجار لە بەرژەوندیی حزبایەتیش تەسکترن و لە بەرژەوەندیی ناوچە و شار و عەشیرەت و تەنانەت کەسایەتیشدا خۆیان دەبیننەوە. ئەم جۆرە ڕامیاریانە بێگومان سەرەنجامەکەیان قەسابخانەی هەمان شێوە و بگرە گەورەتریش لەوەی ئەنفال و هەڵەبجە و کۆچڕەوی ملیونی ١٩٩١ دەبێت.
پێش ئەوەی ئەمە رووبدات و کات لەدەست بڕوات وەک دواهەمین هەنگاوێک پێویستە هەرئێستا خۆپیشاندانی جەماوەری ملیۆنی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک و موسڵ و خانەقین ڕێکبخەن و هەمووشیان لە شاری کەرکوکی پایتەختی مێژوویی کوردستاندا یەکبگرنەوە لەبەردەم بارەگای هێزەکانی هاوپەیماندا و داوا لە هێزەکانی هاوپەیمان بکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان وبیرنامەیێک بە دوو وشە "سەربەخۆیی کوردستان" پێشکەش بکەن، چونکە داواکاری سەربەخۆیی کوردستان ئەرکێکی سەرشانی گەلی کورد خۆیەتی، و شاندێک پێک بهێنرێت کە بەناوی خۆپیشاندەرەکان و گەلی کوردستان سەبارەت بە ئازادی و سەربەخۆیی بئاخڤێت کە هیچ جێگرێک لەبریان قبوڵ ناکەین و هێزەکانی پێشمەرگەش دەبێ پارێزەری خوشک و براکانی ناو خۆپیشاندانەکە بن.

براتان

جەواد مەلا

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

لەندەن ٥/١/٢٠٠٤